# ماڵ وسامان
# له نێوان خۆشبه‌ختی و به‌دبه‌ختی مرۆڤدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

نووسینی : یحیی بن موسی الزهرانی

وه‌رگێڕانی
به‌شی كوردی له ماڵپه‌ڕی ئیسلام هاوس

پێداچونه‌وه‌ی: پشتیوان سابیر عه‌زیز

١٤٣٠ – ٢٠٠٩
islamhouse.com

# ( المال بين السعادة والشقاء )

« باللغة الكوردية »

الكاتب : يحى بن موسى الزهراني

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

# پێشەکی :

**الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونتوب إليه، ونتوكل عليه، ونثني عليه الخير كله، نحمده ولا نجحده ونصلي ونسلم على خير الأنام محمد عليه الصلاة والسلام .... وبعد :**

خوای گەورە دەفەرموێت :( **الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا** ) { الكهف : ٤٦ } واتـە : مـاڵ وسـامان و وەچـە ونـەوە زینـەت وجـوانین بـۆ ژیـانی دونیـا، هەروەهـــا دەفــەرموێت :( **إِنَّمَـا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ** ) { التغابن : ١٥ } واتە : دڵنیا بن کـە ماڵ وسامان ورۆڵـە ونـەوەکانتان بۆ تـاقی کردنەوەتانن ( ئەگەر لەو بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن ) خوای گەورە ومیهرەبان پاداشتی گەورە وزۆری لەلایە بۆ خۆگر ولێبوردەکان .

خوای گەورە منەت دەکات بەسەر بەندەکانیدا بەوەی کە ماڵ وسـەروەت وسامان ومناڵ ونەوەی پێ بەخشیون، بۆ ئـەوەی تاقیان بکاتـەوە لـەوەی کە پێی عەطا کردوون، جا یان دەبێت بە نـاز ونیعمەت بۆ خـــاوەنـەکەی، یان ( خوا پەنامان بدات ) دەبێت بە بەڵا وموصیبەت بۆی، هـەرکـەس شوکری خودای لـەسـەر بکـات وزەکـاتی مـاڵی بدات ومناڵـەکـانی بـەپـەروەردەیـەکی ئیمـانی پـەروەردە بکـات، ئـەوە بـۆی دەبێـت بـەنیعمـەتێکی زۆر گـەورە لـە ڕۆژی دواییدا، ئـەوەشـی بـە پێچـەوانـەوە بێـت وزەکـاتی مـاڵی دەرنـەکـات ویارمـەتـی هـەژارانـی لـێ نـەدات ومناڵـەکانیشـی بـە پـەروەردەیـەکـی بـاش پەروەردە نەکات ئەوە بۆی بووە بە غەزەب وبەڵا وموصیبەت لـە قیامـەتدا، ولەدوایشدا پـەشیمانی دەردەبڕێت، بـەڵام پـەشیمانیەك کـە هیچ دادی نـادات وسوودی پێ ناگەیەنێت، گومانی تێدا نیە ناز ونیعمـەتـەکـانی خـوای گـەورە بـەسـەر بـەنـدەکانیـەوە زۆر زۆرن، بـەئـەندازەیـەك هێندە زۆرن کـە کـەس ناتوانێت بیانژمێرێت ( **وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّـهِ لَـا تُحْصُـــوهَا ..** ) { ابراهيم : ٣٤ }

واتـە : ئـەگـەر بتـەوێـت نیعـمـەتكـانی پـەروەردگـار بژمێریـت ناتوانیـت بیانژمێریـت، لـەو نـازو نیعـمـەتانـەش كـە خـوای گـەورە بـەخشیویەتـی بـە بەندەكانی نیعمەتی ماڵ وسامانە .

جا خۆشەویستان لەم سەردەمەی خۆماندا ئەگەر چاو بگێڕین دوو كـەس بەتەواوەتی نابینین كە نێوانیان ڕێك بێت و هیچ كێشەیەك نـەبێت لـەنێوانیاندا ( مەگەر خــوا بـەڕەحمـی خۆی ڕەحم بكـات بـە كـەسانێك ونێوانیان تـەواو بێـت ) مـاڵێكی هـەژار وداماو نـەدار دەبینـین كـە زۆر پێویستیان بـەدەسـت گیرۆی ویارمەتی هەیە كەچی لەگەڵ ئەوەدا دراوسـێ دەوڵـەمـەنـدەكـەی لێـی ناپرسـێتەوە وگـوێی پـێ نـادات، نـەك هـەر ئـەوەنـدە بـەڵكـو كـەسـانی نزیـك بەیەكیش ئەمەیان تێدا دەبینرێت، بۆ نمونە خزمێك دەبینێت ئـەوە خزمـەكـەی خـۆی لێـی قـەومـاوە و وەك ڕۆژی ڕەش پێگیـراوە بـۆ یارمـەتـی وكۆمـەكـی لـەگـەڵ ئـەوەشـدا گرنـگـی پـێ نـادات وپشـتگوێی ئـەخـات، ئایـا ئـەزانـن هۆكـارەكـەی چیـە؟ وەڵامـەكـەی زۆر ئاسـانە ئـەویش ئـەوەیـە خـەڵكـی لـەم ڕۆژگـارەدا بـەتـەواوەتـی سـەریـان كـردوەتـە سـامان ومـاڵی دونیـا و هـەمـوو بیركردنەوە وخەم وخەفەتێكیان بـووەتـە ئـەوەی بـەچ شێوەیـەك زیـاتر پـەیدا بكـەن وبیخـەنـە سـەر یـەك ئیتـر گرنـگ نیـە بـەچ ڕێگایـەك پـەیدای دەكـەن بەحەڵاڵ بێت یان حەرام، تـەنانـەت وای لێكـردون ئاگاشیان لـەدوژمنـی دین وولاتەكەشیان نەماوە، چونكە هەموو پێوەرێك لای ئـەو كـەسـانە پـارە ومـاڵ وسامانە، ئەگەر پارە وسامان سەروەت دار بێت ئەوە بـەڕێزیـت، وە ئـەگـەر نا ئەوە بێ ڕێزیت لە قاموس وپێوەری ئـەوانـدا، بـەشێوەیـەك خۆشـەویستی ماڵ ودارایی هەموو دڵ ودەروونی داگرتوون وجێگایەك نەماوە لەدڵیاندا بۆ شتی تر، هەر بۆیە لەپێناو ماڵ وساماندا ئـابڕو وشـەرەف ونـامـوس وخـوێنی خەڵكـانی تـر بۆخۆیان بـەڕەوا دەزانـن، تـەنـانـەت هـەر لـەبـەر پـارە ودارایـی

خەڵکی زۆر دڵسۆز لەخۆیان دەڕەنجێنن وخەڵکانێکی چڵێس وپیس وگەندەڵیش دەکەن بە دۆستی گیانی بەگیانی، ئەم جۆرە کەسانە وا بیر دەکەنەوە هەموو ڕێز وخۆشەویستیەکیان بەندە بەپارە وسامانەکەیانەوە، دڵیان زۆر خۆش وفەرەحە ئەگەر ماڵ ودارایيەکەیان سەلامەت وپارێزراو بوو، ئەگەر ئەو ماڵ ودارایيەشیان ڕوخێنەری شەرەف وناموس ودینی خەڵکیش بێت، لەگەڵ هەموو کەسێکدا نێوانیان خۆشە ومووو ناچێت بەنێوانیاندا تا ئەو کاتەی کە داوای یارمەتی وپارەی لێ ناکرێت، خۆ ئەگەر داوایان لێکرد کەسێکی ڕژد وبەخیلە وهەموو جۆرە پەیوەندیەك تێك دەدا، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : **( وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ .. )** { آل عمران : ١٨٠ } واتە : وا گومان نەبەن ئەوانەی کەبەخیلی وڕەزیلی دەکەن، لەو ناز ونیعمەتانەی خوا پێی بەخشیوون، نابەخشن، وا بزانن کارێکی چاکە بۆیان، نەخێر ئەوە کارێکی خراپ ونادروستە بۆیان، چونکە ئەو شتانەی کە نەیاندەبەخشی لەڕۆژی دواییدا دەست دەنێتە قوڕگ وبینیان ودەبنە کۆت لەگەردنیاندا ...

هەندێك دەڵێن : بەخیلی ئەو هەژاری وفەقیریە زوو دێنێت کە ڕادەکەن لێی، وە ئەو دەوڵەمەندی وسامانەشیان لەدەست دەچێت کە بەشوێنیدا هەڵپەیانە، هەر بۆیە دەبینین دەوڵەمەندی بەخیل وڕژد لە دونیادا بە ژیانی هەژارانە دەژی، چونکە دەستی تێی ناچێت خۆیشی لەماڵەکەی خۆی بخوات، لە قیامەتیشدا موحاسبە و لێپرسینەوەی دەوڵەمەندانی لەگەڵ دەکرێت، کەسی بەخیل تاکە کەسێکە کە وەرەثە وکوڕ وخزمەکانی دڵخۆشن بە نەخۆش کەوتن ومردنی .

بۆیە دەبینیت ئەم جۆرە کەسانە شەو ڕۆژ دەدەنە دەم یەك لە پێناو پەیدا

کردنی ماڵ وسامان وپاره وپوڵدا وخەو خۆراسیان لێ هەڵگیراوه وهیچ ماندوو نابن لەترسی ئەوەی نەوەك تووشی هەژاری ببن، لەكاتێكدا لێیان تێكچووه ونازانن بەخیلی ورڕژدی وچاوچنۆكی خۆی بۆ خۆی هەژاری یە .

هەر بۆیە دەبینیت ئەو كەسانەی كە بەڕادەیەكی زۆر ماڵ وسامانەكەیان خۆش دەوێت بەخیل ورڕژدی بەرامبەر خۆیشیان دەكەن ، ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك ماڵ وسامانەكەی كەم بكات یان هەژار ببێت، هەروەها ئەم كەسانە بەخیلیشن بەرامبەر مناڵەكانی خۆشیان، هێندەیان نادەنێ كە بەشی مەصروفاتی ڕۆژانەیان بكات، لەبەر ئەوەی هەر ڕاهاتوون كە كۆی بكەنەوه وزۆر ڕقیان دەبێتەوه لەووشەی بمدەیە، چونكە ئەو ووشەیە وەك ئەوە وایە لە سەرتۆپی دڵیان گۆشت لێ بكەیتەوه، پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) لەبارەی ئەم جۆرە كەسانەوە فەرموویەتی : **" كفى بالمرء إثماً أن يحبس عمن يملك قوته "** ( رواه مسلم ) واته : هێندە بەسە بۆ ئەو كەسە كە گوناهبار وتاوانبار ببێت لای پەروەردگار كە قوتی ژیانی ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە ژیانیان لەسەر ئەوە دابینی بكات .

لە جێگایەكی تردا فەرموویەتی : **" ما من يوم يصبح العباد فيه إلا ملكان ينزلان فيقول أحدهما : اللهم أعط منفقاً خلفا، ويقول الآخر : اللهم أعط ممسكا تلفاً "** ( متفق عليه ) ، واته : هەر ڕۆژێك كە بەندەكانی خوای گەوره ڕۆژ دەكەنەوه، دوو فریشتە دادەبەزن، یەكێكیان دەڵێت : ئەی پەروەردگار ئەو كەسەی لە پێناوی تۆدا دەبەخشێت جێگاكەی بۆ پڕ بكەیتەوه، ئەوی دیكەشیان دەڵێت : ئەی پەروەردگار ئەو كەسەی لە پێناوی تۆدا نابەخشێت ماڵ وسامانەكەی لەناو ببەیت .

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا هاتووه : **" دينار أنفقته في سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة – أي عتق رقبة -، ودينار تصدقت به على مسكين،**

**ودينار أنفقته على أهلك، أعظمها أجراً الذي أنفقته على اهلك "**( رواه مسلم )
واته : ئەو دینارەی کە لە پێناوی خوادا بەخشیوتە، لەگەڵ دینارێك کە لە ئازادکردنی بەندەیکدا بەخشیوتە بۆ خودا ، لەگەڵ دینارێك کە کردوتە بەخێر وداوتە بەهەژارێك، لەگەڵ دینارێك کە بۆ ماڵ ومنداڵەکەی خۆت سەرفت کردوە، گەورەترین پاداشتیان لای خوای گەورە ئەوەیە کە سەرفت کردوە بۆ ماڵ ومنداڵەکەی خۆت .

ئائەم بەناو دەوڵەمەندەی بەدەرون هەژارە بەخیلە نازانێت ئەو مال وسامانەی کە ئێستا لەدەست ئەودایە، ڕۆژگارێك بووە لەدەست کەسانێکی تردا بووە، نەوە لەداوی نەوە و جیل لەدوای جیل دەستا ودەستی پێکراوە تائەمڕۆ گەشتوەتە دەست ئەو، ڕۆژێکیش دادێت کەلەدەست ئەمیشدا نامێنێت دەچێتە دەستی کەسانێکی ترەوە، بەڵام خۆشبەختی بۆ ئەو کەسانەی کەماڵ وسامانەکەیان لەپێناو خوادا دەبەخشن، چارە ڕەشیش بۆ ئەوانەی کە لە خراپە وخراپەکاریدا سەرفی دەکەن وبەکاری دەهێنن، بۆیە زۆر کەس ئەبینین بەدرێژای ساڵ پارە وپوڵ کۆ دەکاتەوە تا ئەو ڕۆژەی کاتی ئیجازە وعوطلەی هاوین دێت ودەستی منالەکانی دەگرێت وسەفەری وولاتانی ڕۆژئاواو وبێباوەڕانی پێ دەکات، ئەو ولاتانەی کە هەموو شتێك تیایدا موباحە وڕێگا پێدراوە وشتێك نیە ناوی حەلاڵ وحەرام بێت، ئەو ولاتانەی کە ئافرەتانیان سفور وڕووت ودانەپۆشراون، بەڵێ دەستی منالەکانی دەگرێت تاوەکو لەو وولاتانەدا فێری ئەو شارستانیە داتەپاوە ببن کە بەووتە ودانپێنانەکانی خۆشیان لەو پەڕی خراپە وتیاچووندان لەڕووی ڕەوشت وبەها مرۆڤایەتیەکانەوە، بەڵێ ئەم کەسە منالەکانی بردوەتە ناو ئەو خراپە وخراپەکاریە تاوەکو خوای گەورە تورە ببێت، خۆ لەبیری چوەتەوە کە پەروەردگار لەڕۆژی دوایدا لەسەر درهەم بەردهەم ودینار بەدینار

موحاسبه ولێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات ولێی دەپرسێت ئەو ماڵ ودارایەت چۆن وبەچ شێوەیەك پەیدا كرد ولەچ شتێكیشدا سەرفت كرد؟

جا خوشك وبرایانی خۆشەویستم بەهۆش خۆتان بهێنەوە وموحاسەبەی خۆتان وماڵ ومنداڵتان بكەن وبگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە پێش ئەوەی موحاسەبەتان لەگەڵدا بكرێت ودووچاری ڕۆژگارێك ببن كە پەشیمانی دەربڕین وهات وهاوار كردن هیچ دادی كەس نادات وئەگەر خاوەنی خەزێنەی هەموو دونیا بیت وبیبەخشێت بەئەندازەی گەردیلەیەك **( مثقالة ذرة )** سوود وقیمەتی نیە، جا ئەی ئەو كەسەی كە ئێستا خاوەنی پارە وموڵك ودارایت وسوپاس بۆ خودا لەشت ساغە ونەخۆشی ناو جێگا نیت زوو دەست بدەرێ تا ئەتوانیت كاری خێر بەئەنجام بگەیەنە وپارە وماڵ وسامانەكەت لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگاردا صەرف بكە وئاگاداربە تاخۆت لەژیاندایت ببەخشە لەپێناو خودا ، چونكە كەم كەس هەیە پاش مردنی خۆی ماڵ ومناڵەكەی خێری بۆبكەن لەو پارەیەی كاتی خۆی ئەم پەیدای كرد بوو .

**ئەی برای دەوڵەمەند وخاوەن پارە وپوڵ وسامانی دونیا :**

چاك بزانە زۆر نارەحەت دەبیت ئەگەر بزانیت ئەو ماڵ وسامانەی كە ئێستا لای تویە ڕۆژگارێك دێت لە دەستی تۆدا نامێنێت ولەنزیكترین كاتدا دەچێتە دەست كەسێكی تر، جا هیچ سەغڵەت مەبە ودڵت نارەحەت نەبێت وخۆت ئامادە بكە ودەرونی خۆت ڕابهێنە وبزانە بە خوای گەورە ڕۆژێك دێت دەمریت ویەك قورش ودیناریش لەگەڵ خۆتا نابەیتە ناو گۆڕەكەت ومناڵ وخزمە نزیكەكانت میراتەكەت دابەش دەكەن ودەست دەگرن بەسەریدا، تۆش لەبەردەم خوای گەورە ولەقیامەتدا لەسەر قورش بەقورش ودینار بە دینار وفلس بەفلسی ئەو پارەیە لێپرسینەوت لەگەڵ دەكرێت، جا

ئەگەر هاتوو ئا بەو شێوەیە بوو بیت کە نەت بەخشی بێت لەپێناو خوادا وڕێگریت کردبێت لەوەش کە دەیەوێت ببەخشێت لەبەر ڕەزامەندی خوا، ئەوە چاك بزانە هەر تۆی خەسارۆمەندی هەمیشەیی، لەو ڕۆژەدا دەست دەکەیت بەهات وهاوار بەڵام کەسێك نیە گوێت لێ بگرێت، ئاواتەخوازیت کە هەموو دونیا هی تۆ بوایە بتبەخشایە لە پێناو خوای گەورە بەڵام بەچی دەچێت ئاوات خواستنی پاش مردن کە ژیانی دونیا هەرگیز ناگەڕێتەوە وتۆ تابیتەوە بەخاوەنی هیچ شتێك .

جا وەیل وتیاچوون بۆ کەسێك لەم دونیایەدا بە لووت بەرزی ومەغروری بژێت و واگومانیش بەرێت کە خۆشبەختی وبەختیاری تەنها پەیوەستە بە کۆکردنەوەی ماڵ وسامانەوە، هەر بۆیە سەروەت وسامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە لەپارە وپوڵ وباڵاخانەی بەرز بەرز وزەوی وکێڵگەی کشتوکاڵی وخانو بەرەی فراوان، ئائەمەیە خەسارۆمەندی تەواو کە خۆشەویستی ئاین وشەرەف وڕەوشتی لەبیر چووەتەوە ودەستی کردووە بە پێشبڕکێ لەسەر پاشماوەی وێرانەی دونیا .

ئایا ئەو کەسانەی خاوەن سەروەت وسامانێکی زۆرن ئەوە نازانن کە ئەگەر هاتوو پارە وپوڵ لەخزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەکارنەهێنرا ئەوە ماڵی غەزەب وبەڵا وموصیبەتە بەسەر خاوەنەکەیەوە نەك نیعمەت وڕەحمەت، پێغەمبەر داود ( علیه السلام ) فەرموویەتی : **( اللهم إني أعوذ بك من جار السوء، ومن مال يكون عليَّ عذاباً )** واتە : ئەی پەروەردگار پەنا دەگرم بەتۆ لە دراوسێی خراپ، لە ماڵ وسامانێك کە ببێت بە سزا ونارەحەتی بەسەرمەوە، وە کاتێك پرسیاری لێکرا ( سەلامی خوای لێ بێت) دەربارەی ماڵ وسامان، فەرمووی : **( لاخير فيه )** واتە : خێر وچاکەی تێدا نیە ، ووتیان : بۆچی ئەی ڕەسولی خودا؟ ئەویش فەرمووی :

**( لأنـه يُجمَعُ مـن غير حِلٍ )** واتـه : چونكـه لـه ڕێگـای غـەیری حـەڵاڵـەوه كۆدەكرێتـەوه ودەنرێت بـەیەكـەوه، ئـەمجا عـەرزیـان كـرد : ئـەگـەر هـاتوو لەڕێگای حەڵاڵەوه كۆكرایەوه؟ ئەویش فەرمووی : **( لايؤدي حقهُ )** واتـه : ئـەوكاتـه هـەقـەكـانی نادرێـت – وەك زەكـات دان و دەسـتگیرۆی هـەژاران وشتی تریش--، ئەمجا عەرزیان كردەوه : ئەگەر هاتوو هەقەكانی دەركران وجـێ بـەجـێ كـران؟ ئـەویـش فـەرمویـەوه : **(لا يسلم صاحبهُ من الكِبر والخيلاء)** واتـه : لـه خۆبـایی بـوون و خـۆ بـەزل زانـین سـەلامـەت نابێـت، ئەمجا ووتیانەوه : ئەگەر هاتوو لەوەش سەلامەت بوو؟ داود **( عليه السلام )** فەرمووی : **( يُشغِلُهُ عن ذكر الله )** واتە : سەرقاڵی دەكـات و ناهێڵێت یـادو ذكری خودا بكات، ئەمجا عەرزیان كردەوه : ئـەگـەر هـاتوو سـەرقاڵ وبـێ ئاگایـان نـەكـرد لـەیـادی خـودا؟ لـەكۆتـا جـاردا فـەرمووی : **( يُطيلُ عليه الحساب يوم القيامة )** واتـه : لێپرسـینەوه وموحاسـەبـه كردنـی درێـژه دەكێشێت له ڕۆژی دوایی دا .

بیربكـەنـەوه وسـەرنـج بـدەن لـەو پێـنج لـەمپـەر وڕێگرانـەی كـه ئـەو پێغەمبەرەی خودا باسیانی كردوه، كەم كەس هەیه بتوانێت بـەسـەریاندا زاڵ ببێت وشەیتان زەفەری پێ نەبات، چونكه دەوڵـەمـەندەكان لـه ڕۆژی دوایدا لێپرسینەوەی ماڵ وسامانەكەیان لەگەڵدا دەكرێت كه چۆن پەیدایان كرد؟ وه لەچ شتێكیشدا صەرفیان كرد ؟ جا ئـەی دەوڵـەمـەندەكان، ئـەی خـاوەن مـاڵ ودارایـیـەكـان، ئـەی ئـەو كـەسـانەی چـاوچنۆك وڕژد وبـەخیـل بـوون لـەم دونیایەدا وبیری ئەوەتان لانەبوو كه شتێك پێش دەستی خۆتان بخەن بۆ ئـەو ڕۆژه، خۆتـان ئامـاده بكـەن بۆ وەڵام دانـەوەی پرسیارەكـانی پـەروەردگـار، خوای گەورەش ڕاستی فەرمووه : ( **يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ** (٨٨) **إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ** (٨٩) ) { الشعراء : ٨٨ ، ٨٩ } واته : ئەو ڕۆژه ی كه نەماڵ

وسامان نەكوڕ وكاڵ هیچیان سوودیان نیە بۆ ئادامیزا وفریای ناكەون(٨٨) مەگەر كەسێك كە بەدڵ ودەروونی پاك وبێگەرد وپڕ لە ئیمان بەخزمەت پەروەردگار گەشتبێت(٨٩) ، دڵی پاك وبێگەرد وپڕ لە ئیمان ئەو دڵەیە كە شیرك و هاوەڵ پەیداكردنی بۆ خودا تێدا نیە، جا لەو ڕۆژە گەورەدا، ماڵ وسامان وپارە وپوڵ هیچ سوود وكەڵكێكی نیە، مەگەر ئەو سامان وپارە وپوڵە نەبێت كە لەدونیادا لە پێناو خوای گەورەدا بەخشرا بێت، لەو ڕۆژەشدا خاوەنكەی لە ژێر سێبەری ئەو خێر وصەدەقەدا دەحەسێتەوە بە یارمەتی خودا .

جا خوشك وبرایانی خۆشەویست ئێمەی باوەڕدار سەرمەشق وپێشەوای زۆر چاك وجوانمان هەیە لەم بواری ماڵ وسامان بەخشین لەپێناوی خوای گەورەدا، ئەوانیش پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وهاوەڵە بەڕێزەكانیەتی، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هێندە بەخشندە وسەخی طەبیعەت بووە، تەنانەت لە بای شەماڵ یش بەخشندە تر بووە، بەتایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا، چونكە خەم وخەفەت وئامانجی ئەو ماڵ وسامان كۆكردنەوە نەبووە لە دونیادا، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو زۆر زۆریش زاهد بووە، لە فەرموودەیەكیشدا دەفەرموێت : **" حُببَ لي من دنياكم الطيب والنساء، وجُعلتُ قُرَّةَ عَيني في الصلاة "** ( رواه الامام أحمد والنسائي ) واتە : لەو دونیایەی ئێوەدا بۆنی خۆش وئافرەتم لاخۆشەویست كراوە، بەڵام خۆشنوودی چاوەكانیشم لە نوێژدا دەبینمەوە، ئەگەر سەرنج بدەیت بەهیچ شێوەیەك باسی كۆكردنەوەی ماڵ وسامانی نەكردووە، زۆر جار مانگ ودوو مانگ وسێ مانگ بەسەر ماڵ وخێزانەكانیدا تێپەڕی كردووە وئاگر لەماڵیاندا نەكراوەتەوە، بەڵكو خواردنیان تەنها بریتی بووە لە خواردنی ئاو خورما، جابر ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەگێڕێتەوە ودەڵێت :

**" ما سُئِلَ رسول الله (لِي الله عليه وسلم ) شيئاً قطٌ فقال لا "** ( متفق عليه )
واته : هیچ كاتێك داوای شتێك نەكراوە لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وبڵێت نەخێر یان نیه .

تەماشای عومەری كوڕی خەطاب بكه كاتێك دەیەوێت پێش ئەبوبەكری صدیق بكەوێت لە ماڵ وسامان بەخشیندا ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دێت نیوەی ماڵەكەی دەهێنێت بۆ پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش پێی دەفەرموێت : **" ما أبقيتَ لأهلك ؟ "** واته : ئەی باشه چیت جێ هێشتووه بۆ ماڵ ومنداڵەكەت؟ عومەر لەوەڵامدا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا نیوەیم بۆ جێ هێشتوون، پاش كەمێك ئەبوبەكری صدیق ( خوای لێ ڕازی بێت ) هەموو ماڵەكەی هێنا ولەبەردەم پێغەمبەری خوادا داینا، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) لێی پرسی : **" ما أبقيتَ لأهلك ؟ "** واته : ئەی چیت جێ هێشتووه بۆ ماڵ ومنداڵەكەت؟ ئەبوبەكریش لەوەڵامدا ووتی : خوا وپێغەمبەرەكەیم بۆ بەجێ هێشتوون، لەپاش ئەم ڕووداوە عومەر دەفەرموێت : ئیتر زانیم من هەرگیز ناتوانم پێش ئەبوبەكر بكەوم لەخێر وچاكه كردندا .

یان ئەوەتانێ عوثمانی كوڕی عەففان ( خوای لێ ڕازی بێت ) هەستا بە دابینكردنی تەواوی كەل وپەل وپێداویستی سوپای ڕۆژی ( العسرة ) ، جگه لەم نموونانەش نموونه گەلێكی زۆر هەیه لە مێژووی ئیسلامدا كه زۆر بە لەخۆبڕاوانەوە ماڵ وسامانیان له پێناو خوای گەورەدا بەخشیوە بە ئومێدی ڕەزامەندی ئەو زاته وخۆشبەختی لە ڕۆژی دوایدا، پێغەمبەری ئازیزیشمان فەرموویەتی : **" ما نقصتْ صدقةٌ من مالٍ "** ( رواه مسلم ) واته : صەدەقه وخێركردن لەپێناو خوای گەورە هیچ ماڵی پێ كەم ناكات، هەروەها فەرموویەتی : **" من تصدّقَ بعدل تمرة من كسب طيب، ولايقبل**

**الله إلا الطيب، فإن الله يقبلها بيمينه ثم يربيها لصاحبها كما يُربى أحدكم فلوه ( المُهر ) حتى تكون مثل الجبل "** ( متفق عليه ) واته : هەر كەسێ لەتێك خورما لەو ماڵەی كە بەكارێكی حەڵاڵ پەیدای كردووه ببەخشێت لە پێناو خوا، بێگومان خواش هەر شتێك حەڵاڵ وپاك وخاوێن نەبێت وەری ناگرێت، ئەوە پەروەردگار بەدەستی ڕاستی موبارەكی خۆی لەو كەسەی وەردەگرێت، پاشان زیادی دەكات بۆ خاوەنەكەی، هەروەك چۆن یەكێك لە ئێوە ماڵەكەی خۆی زیاد دەكات، تا هێندەی شاخێكی لێ دێت .

جا خۆشبەختی بۆ كەسێك كە بازرگانیەكی بەسوود وقازانج دەكات لەگەڵ خوای گەورەدا، خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی بازرگانیەك دەكات كە هەرگیز زەرەی تێدا ناكات، ئای ئەوە چی سەركەوتنێكە بەندەیەكی خودا لەم دونیادا بتوانێت قەرزێكی حەسەنە بدات بە پەروەردگاری تاوەكو لەقیامەتدا بەچەندان قات وەری بگرێتەوە .

ئەی ئەو كەسانەی كە خەوی غەفڵەتتان لێكەوتووە وتەنها هەموو خەم وخەفەتێكتان كۆكردنەوەی ماڵ وسامان وپارە وپوڵە، لەخەوی بێ ئاگای خەبەرتان بێتەوە وچاوێك بەخوتانا بخشێننەوە وبزانن كە ئەو ماڵ ودارایيەی كە لەبەردەستانایە خوای گەورە خستویەتیە بەردەستان تاوەكو تاقیتان بكاتەوە بزانێت ئایا شوكر وسوپاسی خوای لەسەر دەكەن و هەق ومافەكانی دەردەكەن یان بێ ئاگا دەبن لێی وبەردەوام دەبن لەسەری، ئەوەندە بزانن خەڵكی لە بەرامبەر ماڵ وساماندا دوو جۆرن یا ئەوەتانێ بەخشندەیەكی چاكەخوازی خێرۆمەندن، یان ئەوەتانێ بەخیل وچروكێكی دەست قوچاوی ڕەزیلن، ئەوەی یەكەمیان سەرفرازی دونیا وقیامەت دەبێت، ئەوەی دووەمیشیان بەڕواڵەت دەوڵەمەندی بەدڵ هەژاری دونیا وخەسارۆمەندی قیامەتە ( خودا پەنامان بدات ) .

با کەمێك بەخۆیاندا بچنەوە ئەو دەوڵەمەند وپارەدارانەی کە زەکاتی ماڵ وسامانیان دەرناکەن ولەفەقیر وهەژارانیان شاردۆتەوە، بابزانن ئەگەر ئەوانە زەکاتی سامان ودارایییان بەتەواوی دەربکەن تاقە هەژارێك یان موحتاجێك لە نێوان موسڵماناندا نامێنێت بەیارمەتی خوای گەورە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ( **وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ** (٣٤) **يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ** (٣٥) { التوبة : ٣٤ – ٣٥ } واتە : ئەوانەی کە زێڕ وزیزوو کۆدەکەنەوە وقایمی دەکەن ولەپێناو ڕەزامەندی خوادا نایبەخشن، ئەوە موژدەی سزایەکی پڕ ئێش وئازاریان بدەرێ (٣٤) ئەو سزا سەختە لەڕۆژێکدا دەبێت ئەو پارە وسامانەی کە کۆیان کردەوتەوە، لە ئاگری دۆزەخدا سوور دەکرێتەوە وناوچەوان ولاتەنیشت وپشتیانی پێ داخ دەکرێت، ئەمجا پێیان دەوترێت: ئەمە ئەو سامانەیە کە کۆتان دەکردەوە بۆخۆتان، دەبچێژن سزای ئەوەی کە تەنها بۆخۆتان کۆدەکردەوە(٣٥) .

خراپ ئەوەیە هەندێك لەدەوڵەمەند وخاوەن پارە وپوڵەکان ئەوەیان لەبیرچووەتەوە کە ئەو ماڵ وسامانە خوای گەورە پێی بەخشیوون وهەموویشی موڵکی ئەو زاتە پیرۆزەیە، هەروەك دەفەرموێت : ( **وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى** (٨) **وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى** (٩) **فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى** (١٠) **وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى** (١١) { الليل : ٨- ١١ } واتە : بەڵام ئەوەی کە ڕەزیل وچروك ودەست نوقاو بێت وخۆی بێ نیاز ودەوڵەمەند بزانێت ( وڕەزامەندی خودای مەبەست نەبێت ) (٨) وەبڕوای نەبێت بە ڕۆژی پاداشت دانەوە وبەهەرەی چاکی خوایی بەدرۆ بزانێت (٩) ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە وناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین وسەرەنجام بەدۆزەخی دەگەیەنین (١٠) ئەو

کاتەی کە دەمرێت وفرێ دەدرێتە ناو گۆڕ ودۆزەخەوە ماڵ وسامانەکەی هیچی فریای ناکەوێت (١١) .

پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **" واتقوا الشح، فإن الشح أهلك من كان قبلكم، حملهم على أن سفكوا دمائهم، واستحلوا محارمهم "** ( رواه مسلم ) واتە : خۆتان بپارێزن لە چروکی وبەخیلی، چونکە چروکی وبەخیلی ئەو ئوممەتانەی پێش ئێوەی لەناوبرد، بوو بەهۆی ئەوەی خوێنی یەکتر بڕێژن وشەرەف وناموسی یەکتر بەڕەوا بزانن لەسەر ماڵ وسامانی دونیا .

جا ئەوانەی هەقی ماڵ وسامانیان نادەن باچاك بزانن خوای گەورە لە پێشترە بەو ماڵ وسامانە ، هەركاتێكیش بیەوێت دەتوانێت لێیان بسێنێتەوە، جا پێش ئەوەی خوای گەورە ئەوەیان لەگەڵدا بكات چاوێك بەخۆیاندا بخشێننەوە وتەوبەیەكی ڕاست ودروستی لێ بكەن، وئاگاداری ئەوەبن ڕێگاكانی خێر وصەدەقە كردن زۆرن ئەگەر بیانەوێت لە پێناو پەروەردگاری باڵادەست ببەخشن، وەك كردنەوەی مزگەوت وپشكداری كردن لەو پڕۆژەیەدا، یان دەستگیرۆی هەژار ولێقەوماو بێوەژن وهەتیوو ئەو گەنجانەی كە دەسەڵاتیان نیە خێزان پێكەوە بنێن وگەلێك شتی تریش، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەكدا دەمانترسێنێت ودەفەرموێت : **"من آتاه الله مالا فلم يؤد زكاته ، مثل له ماله شجاعا أقرع، له زبيبتان يطوقه يوم القيامة ، يأخذ بلهزمتيه - يعني بشدقيه - يقول : أنا مالك أنا كنزك " "** ( رواه البخاري ) واتە هەر كەسێك خوای گەورە ماڵ وسامانێكی پێ ببەخشێت، وزەكاتەكەی لێ دەرنەكات، لەڕۆژی قیامەتدا ئەو ماڵ وسامانەی دەبێت بە كەسێكی نابووتی كەچەڵ كە دوو شاخی هەیە ، پەلاماری ئەو كەس دەدات وهەردوو كەلاوەی دەمی دەگرێت

وپێی دەڵێت : من ئەو ماڵ وسامانەم کە زەکاتەکەت لێم دەرنەدەکرد .

پاشان با ئەوانەی کە کڕین وفرۆشتن ومامەڵە بە ( ربا ) سووە وە دەکەن لە خودا بترسن وبچنەوە بەخۆیاندا وبزانن کە ( ربا ) و سوو خواردن ڕاگەیاندنی جەنگە لەگەڵ خوا وپێغەمبەرەکەیدا ( صلى الله عليه وسلم )وەك خـواى گـەورە دەفەرمـوێت : ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ** (٢٧٨) **فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ** (٢٧٩) { القبرة " ٢٧٧، ٢٧٨ } واتە : ئەی ئـەوانەی باوەڕتـان هێنـاوە، پارێزکـار وخوانـاس بـن و واز لـە پاشـماوەی ( ربـا ) سوو بهێنن ئـەگـەر باوەڕدارن خۆ ئەگەر وانەکەن، ئەوە جەنگ لـەگـەڵ خـوا وپێغـەمبـەرەکـەیدا ڕابگەیەنن ( کەسەرەنجامەکەی زۆر سامناکە ) خۆ ئەگەر تەوبە بکەن ( لە سوو خۆری وازبهێنن ) ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەری بگرنـەوە نە ستەم دەکەن ( لەقەرزارەکان ) نە ستەمتان لێ دەکرێت .

هەروەها پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) سوو خواردنی بە یەکێك لەو گوناهە گەورانە ناو بردووە کە دەبن بەهۆی تیاچوونی ئومەتی ئیسلام، وەك دەفەرموێت : " **اجتنبوا سبع الموبقات ..... وأكل الربا ...**" ( أخرجه البخاري ومسلم ) واتە : دوور بکەونەوە لەحەوت تاوانە بە هیلاك بەرەکان..... خواردنی سوو .

گومانی تێدا نیە سوو خواردن بە دەقی قورئانی پیرۆز وفەرموودەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) حەرام کراوە، وەك پەروەردگار فەرموویەتی : ( .. **وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ** ) { البقرة : ٢٧٥ } واتـە : خـوای گـەورە کـڕین وفرۆشـتنی حـەڵاڵ

کردووە وسووی حەرام کردووە، جائەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێ گەیشت و وازیهێنا، ئەوەی دەستی کەوتووە بۆخۆی وکاری لێپرسینەوەشی دەکەوێتە لای خوا، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بەسوو خۆری، هەر ئەوانەن جێنشینی ناو ئاگری دوزەخ وژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر .

خاوەنی ( ربا ) سوو نەفرینی لێکراوە جا ئەو کەسە بێت کە وەری دەگرێت یان ئەو کەسە بێت کە سوو دەدات، وەك لەفەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە کە عەبدوڵلای کوڕی مەسعود ڕیوایەتی کردووە، کە پێشەوای ئازیزمان دەفەرموێت : **" لَعَنَ رَسولُ الله – صلى الله عليه وسلم – آكل الربا وموكله "** ( رواه مسلم ) واتە : نەفرینی خوا لەو کەسەی سوو دەخوات ولەو کەسەشی کە سووی بۆ دەخورێت – واتە لەو کەسەی کە سووەکە دەدات، لە ڕیوایەتی تورموزی دا ئەم زیادەیەشی هەیە **" وكاتبيه وشاهديه "** واتە : نەفرینی خودا لەو کەسەشی کە گرێ بەندی ئەو مامەڵەی سوو خواردنە دەنوسێت، لەو دوو شاهیدەی لەو گرێ بەستەدا شاهیدی دەدەن .

جا با ئەو کەسانە لەخودا بترسن کە ماڵ وسامان وپارە وپوڵیان لە حەرامدا صەرف دەکەن، وەك پارە بەهەدەردان لە قومار وصەرف کردنی لەو مامەڵانەی کە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام قەدەغەی کردوون، یان غەش وفێڵ کردن لە کڕین وفرۆشتندا، لەم بارەیەشەوە پەروەردگار فەرموویەتی : ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** ) { المائدە : ٩٠ } واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیا بن کە عەرەق وقومار گۆشتی ماڵاتی سەربڕاوو بۆ غەیری خودا لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، بورج وحەرام وحەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە

هەموویان پیسن ولەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن وخۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازی وبەختەوەری بەدەست بهێنن لەهەردوو دونیادا .

دیسان با لەخودا بترسن ئەوانەی کە فێری ئەوەن ماڵ ودارایی هەتیوان بەزوڵم وستەم وباطل دەخۆن، چونکە خوای گەورە هەڕەشەی زۆر توندی لێکردوون، وەك فەرموویەتی : ( **إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا** ) { النساء : ١٠ } واتە : بەڕاستی ئەوانەی ماڵی هەتیووان بە ناحەق وستەم دەخۆن، بێگومان ئەوانە دەبێت تەنها ئاگر بخۆن وئەو ماڵەی خواردوویانە دەبێتە ئاگر لە سکیاندا ولە دواڕۆژیشدا دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

هەروەها با ئەوانەی کە هەندێك لە کڕین وفرۆشتنی یاساغ وحەرام ئەنجام دەدەن کەمێك بیر بکەنەوە وبەخۆیاندا بچنەوە وبیری ئەو ڕۆژە بکەنەوە کەفریشتەی گیان کێشان دێت بۆلایان وهیچ شتێك فریایان ناکەوێت کار وکردەوەی باشی خۆیان نەبێت، با وازبهێنن، لەفرۆشتنی جگەرە ونێرگەلە ومادە بێهۆشکەرەکەکان وئامێرەکانی مۆسیقا وسیدی ئابڕوو بەر، چونکە بێگومان پرسیاریان لێ دەکرێت لەسەر وورد ودرشتی ئەو کارانەیان، با بزانن تەواوی ئەو مامەڵانەی کە باسمان کردن هەر هەموویان حەرامن وخوای گەورە سزای سەختی داناوە بۆ ئەنجامدەرانی، چونکە ئەو شتەی حەرام بێت بێگومان بازرگانی پێوەکردن وئەو پارەشی لەو ڕێگایەوە بەدەست دەکەوێت هەر حەرامە .

پاشان با زۆر بترسن ئەوانەی کە شەو وڕۆژ کاریان بووەتە بەرتیل وەرشوە وەرگرتن وبەرتیل ورەشوە دان، با زۆر چاك بزانن هەڕەشەی زۆر گەورەی لەسەر هاتووە، وەك لە ڕیوایەتێکدا هاتووە : " **لَعَنَ رسول**

الله – صلى الله عليه وسلم – الراشي والمرتشي " ( رواه أبو داود وقال الألباني حديث صحيح ) واتــــه : پێغەمبــەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە بەرتیل وەردە گرێت ولەو کەسەشی کە بەرتیل دەدات .

ئەوانە هەر هەموویان خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە لەسەر تەواوی ئەو ماڵ و سامانەی کە پێکەوەیان ناوە ، ئایا چۆن پەیداتان کرد وەچۆنیشتان صەرف کرد؟ با مەغرور نەبن بەم ژیانە کوورتەی دونیا وئەو ماڵ وداراییەی کە بەدەستیان هێناوە، ئایا نازانن ( **قارون** ) ی مل هوڕی لەخودا یاخی کە لەهۆزەکەی موسی ( عليه السلام ) بوو چەند ماڵ ومولْك ودرارایی پێکەوە نابوو؟ خەزێنەی پارە وپولەکەی ئەوەندە زۆر بوون بەچەند پیاوێکی بەهێزەوە ئەیانتوانی کلیلی ئەو خەزێنانە هەڵبگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە خودا یاخی بوو وشوکر وسوپاسی پەروەردگاری نەکرد، ئایا دەزانن سەرەنجامی چی بوو، پەروەردگار بە چ دەردێکی برد؟ وەرن با بۆ بیستنی ئەو بەسەرهاتە گوێ لە قورئانی پیرۆز بگرین کە دەفەرموێت :

**( إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ** (٧٦) **وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ** (٧٧) **قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا وَلَا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ** (٧٨) **فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا يَا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ** (٧٩) **وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِمَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا وَلَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الصَّابِرُونَ**

(٨٠) **فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ** (٨١) **وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْا مَكَانَهُ بِالْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَوْلَا أَنْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا وَيْكَأَنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ** (٨٢) { القصص : ٧٦ -٨٢ } واته : بێگومان قاروون له قەوم وخوێشانی موسا بوو کەچی ( بەهۆی ماڵ وسامانیەوە)خۆی گیڤ دەکردەوە بە سەریاندا وفیزی بەسەردا دەکردن، ئەوەندە ماڵ وسامان ودارایيمان پێبەخشیبوو، کە بەڕاستی کلیلی گەنجینە وقاسەکانی بەچەند کەسێکی بەهێز بەگرانی هەڵدەگیران، ( له کاتی لووت بەرزیەکەیدا ) هەندێك ئیمانداری خزمی پێیان ووت: کەشخە مەکە وله خۆت بایی مەبە بەم سامانە، چونکە بێگومان خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە کەشخە دەکەن بەسەروەت وسامانیانەوە وله خۆیان بایی دەبن. (٧٦) هەوڵ بدە بەو ماڵ وسامانەی خوا پێی بەخشیووی ماڵی قیامەت وبەهەشتی بەرین بکڕە وبەشی خۆیشت له دنیادا بەحەلاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەروەك خوا چاکەی هێناوەتە ڕێت، نەکەیت هەوڵی فەساد وگوناه وتاوان بدەی له زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن. (٧٧) قاروون وتی: بێگومان ئەم سامان ودارایيەم هەر بەهۆی زانست وزانیاری نەخشەی خۆمەوە پێم دراوە، باشە مەگەر قاروون نەیدەزانی بەڕاستی خوا پێش ئەم چەندەها قەوم وهۆز وگەلانی له ناوبردووە کە لەو زیاتر بە دەسەڵاتتر وسەروەتمەندتر بوون؟ تاوان باران پرسیاریان لێناکرێت دەربارەی گوناهەکانیان ( چونکە تۆمارە ولای خوا ئاشکرایە ). (٧٨) ئینجا ڕۆژێك قاروون خۆی سازدا وبە ڕازاوەیی چووە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی بۆ کەشخە کردن وخۆنواندن، ئەوانەی کە ئاواتیان ژیانی دنیایە، وتیان: ئای

خۆزگە ئێمەش وەكو قاروون، سامان ودەسەڵاتمان ببوایە، بەڕاستی خاوەنی بەختێكی گەورەیە! (٧٩) ( بەڵام ) ئەوانەی كە زانستی وزانیاری ڕاستیان پێبەخشراوە ( دەربارەی حەڵاڵ وحەرام ونرخی قیامەت دەزانن ) وتیان: هاوار بۆ ئێوە، بۆ تێنافكرن پاداشتی خوایی زۆر چاكترە بۆ ئەوكەسەی باوەڕی دامەزراوی هێناوە وكار وكردەوەی چاكی ئەنجام داوە، ئەو زانست وباوەڕ وكردەوەیە بە كەس نادرێت، تەنها بە خۆگر وئارامگران نەبێت.(٨٠) ئەوسا ( كە بینیمان قاروون بەتەواوی لەسنور دەرچووە ) كوتوپڕ خۆی وماڵ وسامانیمان برد بەناخی زەویدا، هیچ دەستە وگرۆیەكی نەبوو فریای بكەوێت ولە دەست خەشم وقینی خوا دەربازی بكات، بێگومان لەو كەسانەش نەبوو كە بتوانێت خۆی رزگار ببێت. (٨١) ئینجا ئەوانەی دوێنێ ئاواتیان بە قاروون دەخواست دەیانوت: ئەی هاوار؛ بەس نەبوو وەكو ئەو تیانەچوین؛ دیارە كە خوا ڕزق وڕۆزی زۆر دەبەخشێت بە هەر كەس بیەوێت یاخود كەمی دەكاتەوە ( بێ حیكمەت نیە )، ئەگەر فەزڵ وبەهرەی خوایی نەبوایە لەسەرمان، ئێمەش بەناخی زەویدا ڕۆچو دەبوین، ئای كەڕوون وئاشكرایە، كافر وخوانەناسان سەرفراز نابن. (٨٢) .

ئەی ئیمانداران خۆتان بەدوور بگرن لە ماڵ وسامانی حەرام، چونكە بێگومان هۆكاری تیاچوون وكاولكاری وگیرانەبونی نزا وپاڕانەوەیە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەكدا باسی ئەو هۆكارانە دەكات كە دەبنە هۆی گیرا نەبوونی نزا وپاڕانەوە ودەفەرموێت : **" الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه إلى السماء يارب يارب، ومطعمه حرام، ومشربه حرام، وملبسه حرام، وغُذيَ بالحرام، فأنى يُستجابُ لذلك "** ( رواه مسلم ) واتە : پیاوێك سەفەرەكەی درێژ دەكێشێت ومووی سەری گژ دەبێت وتەپوتۆزاوی دەبێت، بەو شێوەیە دەسەكانی بەرز

دەكاتەوە وهاوار دەكات ئەی پەروەردگار ئەی پەروەردگار، كەچی ئەم كەسە خواردن وخواردنەوە وپۆشاكی هەمووی حەرامە وحەرامیشی دەرد خوارد دراوە، ئیتر چۆن وبەچ شێوەیەك خوای گەورە نزا وپاڕانەوەی لێ گیرا دەكات .

ماڵ پەیدا كردنیش بە ڕێگای حەرام زۆر شێوەی هەیە، وەك كەسێك قەرزبكات لەكەسێك وپاشان قەرزەكەی نەداتەوە و ئینكاری بكات لەوەی كە قەرزارە، پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : **" من أخذ اموال الناس يريدُ أدائها أدى الله عنه، ومن أخذها يريدُ إتلافها أتلفهُ الله "** ( رواه ابن ماجة وقال الألباني حديث صحيح ) واتە : هەركەسێك ماڵی خەڵكی بەقەرز وەربگرێت وبیەوێت كە دەسەڵاتی هەبوو بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی، ئەوە خوای گەورە یارمەتی ئەدات وبۆی ئاسان دەكات كە بیداتەوە، بەڵام هەركەسێك ماڵی خەڵكی وەربگرێت بەو مەبەستەی كەنەیداتەوە بە خاوەنەكەی، ئەوە خوای گەورە ماڵەكەی لەناو دەبات.

كەسانێك هەن وا گومان دەبەن ئەگەر ماڵی خەڵكیان خوارد ئیتر قوتاریان دەبێت و كەس نیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكات، نەخێر زۆر هەڵەن سوێند بێت بەپەروەردگار، ئەو كەسەی ماڵی هەركەس بخوات بەناهەق دەبێت لەڕۆژی دوایدا لەبری ئەو ماڵەی خەڵكی ئەگەر حەسنات وچاكەی هەبوو بیدات بەو كەسە، خۆ ئەگەر نەیشیبوو، ئەوا لەخراپەی خاوەن ماڵەكە دەهێنن ودەیدەن بەسەر ئەمدا، سەرگەردانی بۆ كەسێك هێندە گێل ونەفام بێت حەسەنات و چاكەی خۆی بگۆڕێتەوە بەچەند درهەم وقوروشێكی دونیا، جا ئەی ئەوانەی خاوەنی بیر وهۆشن ماڵ وقەرزی خەڵكی بدەنەوە پێش ئەوەی شەمەندەفەری تەمەنت لە كۆتا وێستگەی

بوەستێت، ئەو کاتەی کە پەشیمانی دادی هیچ کەس نادات، وئەوکاتەی دەستت بەهیچ جێگایەك ناگات وئەگەر خاوەنی خەزێنەی هەموو دونیا بیت ئەیدەیت تا لەنەهامەتی ناو گۆڕ ودۆزەخ ڕزگارت ببێت، ئــەبوو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی :" **نفس المؤمن معلقة بدَينهِ حتى يقضي عنه** " ( رواه الترمذي وقال حديث حسن } واتە : گیانی مرۆڤی باوەڕدار ( پاش مردنی ) ڕاوەستاوە لەسەر ئەو قەرزانەی کە لەلای بووە، تا ئەو کاتەی قەرزەکانی بۆ دەدرێتەوە، هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە: " **أتدرون من المفلس ؟** " **قالوا : المفلس فينا من لا درهم له ولا متاع، فقال :** " **إن المفلس من أمتي من يأتي يوم القيامة بصلاة وزكاة وحسنات أمثال الجبال، ويأتي وقد شتم هذا، وأكل مال هذا، وسفك دم هذا، وضرب هذا، فيعطى هذا من حسناته وهذا من حسناته، فإن فنيت حسناته قبل أن يقضى ما عليه أخذ من خطاياهم فطرحت عليه ثم طرح في النار** "( رواه مسلم ) واتە: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەهاوەڵەکانی پرسی ئایا دەزانن کێ موفلیسە؟ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان : موفلیس لای ئێمە ئەو کەسەیە کە ماڵ ودارایی وپارەو وپوڵی نەبێت، ئەمجا پێغەمبەری ئازیز فەرمووی : موفلیس لە ئوممەتی من ئەو کەسەیە لە ڕۆژی قیامەتدا بە نوێژ وزەکات وچاکە وحەسەناتێکی زۆرەوە دێت کە هێندەی چیاکان دەبن، بەڵام لەدونیادا جنێوی بەئەم داوە ومالّی ئەوی خواردووە وخوێنی کەسێکی تری بەناهەق ڕشتووە، یان لەخەڵکی داوە بەناهەق، جاهەرچی چاکە وحەسەناتی هەیە بەئەندازەی ئەو زوڵم وستەمەی کە کردویەتی لەخەڵکی دەدرێت بەو کەسانە، هەرکاتێکیش کە حەسەنات وچاکەی نەما لەخراپەی ئەو خەڵکە دەهێنن دەیدەن بەسەر ئەمدا، ئەمجا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

**ئەی برا وخوشكانی پارەدار ودەوڵەمەند :**

لەخودا برتسن لەو ماڵ وسامانەی كە پەروەردگارتان پێی بەخشیوون ولە رێگای خێر وچاكەدا خەرجی بكەن، چاك بزانن ئەو پارە وپوڵەی كە هەتانە حەق ومافی خوای گەورەی لەسەرە، ئاگاداربن ولە خوای گەورە بترسن چونكە بەڕاستی تۆڵە وسزای ئەو زاتە بەدەسەڵات وجەبار وخاوەن كبریائە زۆر بەهێزە، بزانن خوای گەورە مۆڵەتی تاوانباران دەدات بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە وتۆبە بكەن، بەڵام هەرگیز پشتگوێیان ناخات، وەكاتێكیش نەگەڕانەوە وسزای بۆ دابەزاندن وگرتنی هەرگیز بەریان نادات ورزگاریان نابێت لە سزا وتۆڵەی ئەو، جا پێش ئەوەی كار لەكار بترازێت ودەستتان بەهیچ شوێنێك نەگات تەوبەیەكی نەصوح وپاك وخاوێن بكەن وبگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارتان وواز لەكڕین وفرۆشتی حەرام بهێنن وماڵەكەتان پاك بكەنەوە لێیان، پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **" إن رجالاً يتخوضون في مال الله بغير حق فلهم النار يوم القيامة "** **(رواه البخـاري )** واتە : پیاوانێك هەن بەناحەق ڕۆ دەچن لەماڵ ودارایی خوای گەورەدا ( واتە بە ئارەزووی خۆیان ماڵ ودارایی كۆدەكەنەوە وزەكات ومافەكانی خوای لێ نادەن )، ئائەوانە تەنها ئاگریان بۆ هەیە لەڕۆژی دوایدا .

خۆشبەختی ومۆزدەش بۆ ئەوانەی كە خوای گەورەیان بەحەق ناسیوە ولەگەڵ پەروەردگاری باڵادەستیاندا بازرگانیەكی بەسوود وقازانجیان ئەنجام داوە ولەو ماڵ وداراییەی كە خوا پێی بەخشیون خێر وچاكەیان لێكردووە وقەرزیان بە خوای میهرەبان داوە بۆ ئەوەی لە قیامەتدا بەچەندان قات پاداشتیان بداتەوە لەبەرامبەریدا، ئای خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی بە پەنهان وبەئاشكرا دەستی چووەتە ماڵ وسامانی خۆی ولەڕێگای زاتی حەق

تەعالای پەروەردگاردا بەخشویەتی وهیچ مەبەستێکی نەبووە لەو ماڵ بەخشینەی ڕەزامەندی خوا نەبێت، وهەمیشە داوای بەهەشتیان لەخوای گەورە کردوە وپەناشیان لێگرتوە لە ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەری ئازیزیش ڕاستی فەرمووە کە دەفەرموێت : **" إتقوا النار ولو بشق تمرة "** **( متفق عليه )** واتە : خۆتان لەئاگری دۆزەخ بپارێزن ئەگەر بەبەخشینی لەتێ خورماش بوو بێت لەڕێگای خوادا .

جارێکی تر موژدە بۆ ئەو کەسانەی ماڵیان دەبەخشن لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، چەند بێوەژنی داماو نزیك بووە بکەوێتە داوی پیسی خراپەکارانەوە، بەڵام لەپڕ لەلای کەسێکی خێرۆمەندی خواناسەوە ماڵ وپارە ویارمەتیەکی بەدەست گەیشتووە، ئەوەش پاش یارمەتی خوا گەشتوەتە فریای وخۆی ومناڵەکانیشی پێ پاراستوە لە بەد ڕەوشتی وخراپەکاری، چەند هەژار ونەدار هەبوون کاتێك دەوڵەمەندێکی خێرخواز یارمەتی داون ئیتر وازیان هێناوە لە سواڵ ولە دەرگای خەڵك دان، چەند خوێندکار وقوتابی هەبوون لەبەر هەژاری ونەبوونی خەریك بوو واز لەخوێندن ودراسەیان بهێنن، بەڵام پاش فەضلی خوای گەورە خێرۆمەند وخێرخوازان گەشتنە فریایان ولەو محنەت وتەنگانەیە ڕزگاری کردن، ئای چ سەروەت وسامانێکی پڕ نیعمەتە ئەو ماڵەی کە خێری لێ دەکرێت وبەشی هەژاران ولێقەوماوانی لێ دەدرێت ولەڕۆژی دوایشدا بە یارمەتی خوا دەگاتە فریای خاوەنەکەی ولە ناخۆشی ونەهامەیەکانی ڕزگاری دەکات، دەی کەواتە موژدە بدەن بەو کەسانەی لە پێناو خوادا ماڵ وسامانیان دەبەخشن، موژدە بدەن بەو بازگانانەی کە لەگەڵ پەروەردگاردا بازرگانی بەسوود وقازانجیان ئەنجام داوە، بەو موژدەیەی کە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

**( مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ**

**فِي كُـلِّ سُنْبُلَةٍ مِئَةُ حَبَّـــةٍ وَاللَّهُ يُضَـــاعِفُ لِمَنْ يَشَـاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ)**
**{ البقرة : ٢٦١ } واته** : نموونەی ئەوانەی کە ماڵ وسامانیان دەبەخشن لـە پێنـاو خـوای گـەورەدا، وەکو تۆوێك وایـە کـە بڕۆێت و حـەوت گـوڵی گرتبێت، لەهەر گوڵێکدا صـەد دانـەی تێدا بێت – واتـە یـەك بـە حـەوت صـەد خـوای گـــەورە پاداشتی خێـــری دەداتەوە - خوایش بۆ هەر کـــەسێك کە بیـەوێت ( بەگوێرەی نیەتی وجێگرتنی خێرەکەی) پاداشت وچـەند بـەرامبـەر دەکات وبێگومان خوا فراوانگیر وزانایە، هــەروەها دەفــەرموێت : ( **مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّـهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَـهُ أَضْعَافًا كَثِيـرَةً وَاللَّـهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ** ) { البقرة : ٢٤٥ } واتـە : ئـەوە کـێ یـە ئـەو کـەسـەی کـە قـەرز دەدات بـە خـوای گـەورە بـەقـەرزێکـی بـاش وچـاك ( بـەخشـراوەکـە لـەمـاڵی حەڵاڵ وبێ منەت ونازدار بێت ولـەو ماڵـە بێت کـەبـەلایـەوە خۆشـەویستە ) خوایش بەو هۆیەوە بۆی چەند بەرامبەر دەکات وپاداشـتی بـێ سنووری پـێ دەبـەخشـێت ( بـەڕاسـتی خوایـەکـی بـەڕێـز ودلۆڤانمـان هـەیـە، جێگـەی سەرسوڕمان وسەرنجە ئەو شێوازەی کـە هـانی ئیمانداران پـێ دەدات، بۆ بەخشین بەیـەکتر وبـۆ بـەخشین بۆ ڕزگـاریی گرۆهـی ئـادەمیزاد ) خـوایش ڕزق وڕۆزیـــی ودەرامـــەت دەگرێتـــەوە وفراوانـــی دەکـــات ( بـــەحیکمـــەت وویستی خـۆی ) هـەر بـۆلای ئـەو زاتـەش دەگـەڕێنـەوە، هـەر بـۆ هانـدانی باوەڕداران لـەسـەر خێر وماڵ بەخشین خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ( **الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّـهِ ثُمَّ لَـا يُتْبِعُونَ مَـا أَنْفَقُوا مَنًّـا وَلَـا أَذًى لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَـا هُمْ يَحْزَنُـونَ** ) { البقرة : ٢٦٢ } واتـە : ئـەوانـەی مـاڵ وداراییـان دەبـەخشـن لـەڕێگـای خـوادا، بـەدوای ئـەوەی بەخشیویـانە هیـچ جۆرە منەتێك نانێن وهیـچ جۆرە ئـازارێك نـاگـەیـەنن، ( ئەوانە ) تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، هیچ ترس ودڵـەڕاوکێیان

لەسەر نیە، ( لەکەم وکوڕی پاداشت وتەنگانەی قیامەت ) وغەم وپەژارەش ڕوویان تێ ناکات، دیسان هەر دەربارەی ماڵ بەخشین خوای گەورە دەفەرموێت : ( **الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ** (١٣٤) **وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ** (١٣٥) **أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ** (١٣٦) { ال عمران : ١٣٤ – ١٣٦} واتە : ئەوانەی لە خۆشی وناخۆشیدا، لە هەرزانی وگرانیدا ماڵ وسامانیان دەبەخشن، ڕق وکینەی خۆیان دەخۆنەوە وخۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن ولێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکار وچاکەخوازانی خۆش دەوێت. (١٣٤) ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێك ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لەخۆیان دەکەن ( دوایی بە خۆیاندا دێنەوە وسزای ) خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناه خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناه وتاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن ( ئەوە تاوانە ). (١٣٥) ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوون ولێبووردنە لە لایەن پەروەردگاریانەوە لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا کە چەندان ڕووبار بە ژێر درەخت وبە بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات وژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنەسەر، ئەم بەهرەیە پاداشتێکی زۆر چاکی کۆششکارانە ( چونکە دوای تەوبەکەیان لە هەوڵ وکۆششی بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوادا دەبن ) (١٣٦) ، هەروەها دەفەرموێت : ( **..وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ** ) { السبأ : ٣٩ } واتە : ئێوە هەرشتێك دەبەخشن زاتی حەق تەعالای پەروەردگار جێگاکەی پڕ دەکاتەوە ( هەندێك جار لە دونیادا،

پاداشتی قیامەتیش با بوەستێت مەگەر هەر خوای گەورە خۆی بزانێت چەند زۆرە ) چونکە ئەو خوایە چاکترین ڕزق وڕۆزی بەخشە ( بەسەرجەم بەندەکانی )، زۆر ئایەتی تریش کە هەمویان بەڵگەن لەسەر بەخشینی ماڵ و گەورەی پاداشتەکەی .

پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **" أنفق يا ابن آدم يُنَفقْ عليك "** ( متفقٌ عليه ) واتە : ئەی نەوەکانی ئادەم ماڵ ودارایتان لەپێناو خوادا ببەخشن، خوایش پێتان دەبەخشێت، هەروەها فەرموویەتی : **" لا حسد إلا في اثنتين : وذكر منها : ورجل آتاه الله مالاً فهو ينفقه آناء الليل وآناء النهار "** ( متفق عليه ) واتە : حەسودی وڕژدی دروست نیە بەهیچ کەسێك ببرێت لە دووحاڵەتدا نەبێت : لەو دوو حاڵەتەش یەکێکیان ئەوەیە : کەسێك خوای گەورە سەروەت وسامانێکی پێ بەخشی بێت وبەشەو بەرۆژ لە پێناو خوادا بیبەخشێت، واتە دروستە تۆ بەخیلی ببەیت وخۆزگە بخوازیت بەو کەسەی کە مال ودارایی هەیە و لەپێناو خوای گەورە دەیبەخشێت، جگە لەم فەرموودانە فەرموودە گەلێکی تریش لەم بوارەدا هەن، بەڵام ئێمە تەنها بەم ئەندازەیە ئیکتفا دەکەین .

لەکۆتایدا دەستمان بەرز دەکەینەوە ولەخوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئەم کارەی لێوەرگرتبین وئەم نزایانەشمان لێ قبوڵ بکات :

**اللهمَّ إنا نسألك رزقاً طيباً حلالاً، اللهمَّ أغننا بحلالك عن حرامك، اللهم أقنعنا بما رزقتنا وبارك لنا فيه، اللهم ألف بين قلوب المسلمين في كل مكان، اللهم إنا نسألك الجنة ونعوذ بك من النار، اللهم وفقنا لما تحب وترضى ويسرنا للهدى ويسر الهدى لنا برحمتك يا أرحم الراحمين، والحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.**